یەکێتی دیموکراتی کوردستان

# پیرۆزبایی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان" بە بۆنەی 8 مارس رۆژی ژن

کەلتووری پیاوسالارانە وداب ونەریتی کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی ناوینی ، بە تایبەتی لە کوردستان دا، تا ئەم زەمەنە لە مێژوو شایەتی زولم و زۆری و پێشێل کردنی مافە رەواکانی ژنان لە کۆمەڵگە بووە، ئەمما بە تێپەڕبوون وبەرەوپێش چوونی رەوتی پێشکەوتنەکان یەک لەدوای یەک هزرێکی نویٚ و رەوتێکی جیاواز بۆ بەدەست هێنانی ئەو بەشە کە مافە پێشێل کراوەکانی ژنان لە کۆمەڵگە دا و دروست کردنی تەوازۆنێکی یەکسانی و بەرابەری لە نێوان ژن و پیاو دا هاتە ئاراوە.

8 مارسیش وەک رۆژێکی دیاری کراوی ئەم خەباتی مرۆڤایەتیە و ناوک وترۆپکی گەشەی ئەم رەوتە بۆژنان و کۆمەڵگە بەشەرییەت ناسراوە، ئەمە مۆرکێک بۆ بە سەر تەوێڵی کۆمەڵگە پیاوسالار و یاساوڕێسای زەوتکەری ماڤ ژنان.

لەم کاتە دا دەرفەت بە باش دەزانین کە سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو تێکۆشەران و چالاکڤانانی رێگای بەرابەری و یەکسانی بکەین.

یەکێتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی خۆی ئاراستە سەرجەم تێکۆشەرانی ئەم رەوتە لە کوردستان دەکا و جارێکی دی پاڵپشتی و یارمەتی خۆی بە هەموو شێوەیەک بۆ خێراتر کردنی ئەم رەوتە و بە دەرەنجام گەیشتنی سەرجەم تێکۆشانەکان دووپات دەکاتەوە.

**پیرۆز بێت 8ی مارس رۆژی ژن**

**کوردیناسیۆنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان- ئێران**

2007/3/7